ResearchGate

See discussions, stats, and author profiles for this publication at: https://www.researchgate.net/publication/351945321

# بەربوونەت و زانكۆ قوتابیانی لەلایەن فەیسبووک نانی بەکارهـ دە ستهاتووە کان ئەدەبیاتی کولیژی قوتابیانی بۆ مەیدانییە ژینەوەیەکی تو – سەلاحەدی...

**Research** · June 2018

DOI: 10.13140/RG.2.2.36019.14886

CITATIONS
0

READS
3

1 author:

Azad Mohammed
Salahaddin University - Erbil

4 PUBLICATIONS 0 CITATIONS

SEE PROFILE

All content following this page was uploaded by Azad Mohammed on 28 May 2021.

The user has requested enhancement of the downloaded file.

# بەکارهێنانی فەیسبووک لەلایەن قوتابیانی زانکۆ و تێربوونە بەدەستهاتووەکان
# توێژینەوەیەکی مەیدانییە بۆ قوتابیانی کولیژی ئەدەبیاتی-زانکۆی سەلاحەدین

صادق حمەغریب حمەصاڵح
بەشی راگەیاندن، کۆلیژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
بەشی راگەیاندن، زانکۆی جیهان- هەولێر
Sadiqsargaty68@yahoo.com

ئازاد عبدالعزیز محمد
بەشی راگەیاندن، کۆلیژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
azad.mohammed1@su.edu.krd

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بۆ بەدەستهێنانی زانینی چۆنیەتی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك لەلایەن گەنجانی زانکۆی سەلاحەدین, زانینی ئەو پاڵنەرانەی کەوا لەگەنجانی زانکۆ دەکات تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك بەکاربهێنن. دەستنیشانکردنی مەودای کاریگەری گۆڕاوە ناوەندییەکان لە بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك لەلایەن گەنجانی زانکۆوتێربوونەکانیان. میتۆدی توێژینەوە, لەم توێژنەوەیەدا توێژەر میتۆدی ڕوپێوی بەکارهێناوە.

ئەم توێژیەوە لە سێ تەوەر پێك دێت, تەوەری یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەکەیە, کە لە: یەکەم, ڕەهەندەکانی توێژینەوە. دووەم چەمکەکانی توێژینەوەپێکهاتووە.

تەوەری دووەم: سەرهەڵدان و گەشەسەندنی تیۆری بەکارهێنان و تێربوون کە ئەویش دابەش دەبێت بەسەر ئەم ناونیشانانە:(ناوەخنی تیۆری بەکارهێنان و تێربوون, دەرکەوتنی تیۆری بەکارهێنان و تێربوون, گریمانەکانی تیۆری بەکارهێنان و تێربوون, سەرهەڵدان و گەشەسەندنی تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووك, تایبەتمەندییەکانی تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووك, سوودە و لایەنە باشەکانی تۆری کۆمەڵایەتی فیسبووك, کاریگەری تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك لەسەر گەنجانی کورد لە زانکۆدا). تەوەری سێیەم پێك دێت: یەکەم:پیشاندان و ڕوونکردنەوەی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەو شرۆڤەکردنی کە بەشێوەیەکی مەیدانی بە دەست هاتووە, دووەم: ئەنجامەکانی توێژینەوە, سێیەم: پێشنییارەکان و ڕاسپاردەکانی توێژینەوە لە خۆدەگرێ.

**کلیلی وشەکان:** فەیسبووك، تیۆری بەکارهێنان وتێربوون، چەمکی گەنج، چەمکی زانکۆ.

## Abstract

The title of the study is, using social media, Facebook as an example by university students and their satisfaction for it .The research is the fields study that for the students at college of Arts - Salahadin University. The study tried to find out how the students using social media especially Facebook, at mentioned university, and also to know what are the reasons that the students use Facebook for. And also the determined interval of changing affects for the university students and their satisfaction for it. The research methodology: in this study Survey method was applied. The study composed of three

DOI: 10.24086/cuesj.si.2018.n1a18

sections, it starts with the first section which is focused on the methods and also highlighted the main elements of the study and terms of the study. The second part is beginning and development of applied theories and them satisfaction, this part is divided in to these highlight titles. ( content of the theory of using and favorites, appeared of the theory of using and satisfaction, the hypothesisof them, the beginning of development of using Facebook, the characteristics of Facebook, the advantages and benefits of using Facebook, and the affects of Facebook on the students at university.) The third section which is conclusion remarks, this part focuses on (firstly: demonstrating the analysis of the results that achieved from the survey. Secondly: denoting the results of findings. Thirdly: recommendation and the suggestions of the study. And also the main results of the study have been denoted, which are, using Facebook in bad ways has became the cause of many of the social issues, especially among the university students. Males gender less than females are under control in the society. Females are more emotional than the male gender but male are more intellectual. And also the male genders more then the females are making critics against the government; it means the male genders are better than the females for this reason

## تەوەری یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە

### یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوە

*1- کێشەی توێژینەوە:*

کێشەی ئەم توێژینەوەیە لەوەوە سەرچاوی گرتووە کە تا ئیستا به روونی نازانرێت قوتابیانی زانکۆ بۆ چ مەبەستێك فەیسبووك بەکاردەهێنن و ئەو تیربوونانە چین کە لە ڕێگەیەوە پێی دەگەن، تا چەند کەڵکیان لە فەیسبووك وەرگرتووەو زیاتر ئەو ماڵپەڕە کۆمەلایەتیەیان بە چ ئامانجێك بەکارهێناوە.

*2-پرسیارەکانی توێژینەوەکە:*

1-کام رەگەز زیاتر فەیسبووك بەکار دەهینن؟.

2-پاڵنەرەکانی بەکارهینانی فەیسبووك لای قوتابیان لە هەردوو رەگەز چین؟..

3-بەکاربەرانی فەیسبووك لە قوتابیانی زانکۆ زیاتر بۆ چ مەبەستێك فەیسبووك بەکاردەهینن؟.

4- بەکاربەرانی فەیسبووك لە قوتابیانی زانکۆ زیاتر گرنگی بە چ بابەتیك دەدەن؟.

*3- گرنگی توێژینەوە:*

1- هەوڵێکە بۆ دیاریکردنی مەودای کاریگەری فەیسبووك لەسەر قوتابیانی زانکۆ.

2- بۆ دەسنیشانکردنی نەریتە باشەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك و چۆنیەتی بەکارهێنانی لە لایەن گەنجانی زانکۆ.

3- هەوڵێکە بۆ ئەوەی بزانرێت تا چەند تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك وەك ئامرازێکی پەیوەندی سەردەمیانە لە لایەن قوتابیانی زانکۆ بۆ بەدیهێنانی پێداویستییەکانیان بەکاریدەهێنن.

*4- ئامانجی توێژینەوە:*

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوە:

1- زانینی چۆنیەتی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك لەلایەن قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین.

2- زانینی ئەو پاڵنەرانەی کەوا لەگەنجانی زانکۆ دەکات تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك بەکاربهێنن.

3- زانینی مەودای کاریگەرییە گۆڕاوە ناوەندییەکان لە بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك لەلایەن گەنجانی زانکۆ و تێربوونەکانیان.

*5- گریمانەکانی توێژینەوە:*

1- هۆکاری رەگەزی کاریگەری لەسەر بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك لەلایەن گەنجان و قوتابیانی کولیژی ئەدەبیات هەیە.

2- ماوەی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بەدەستهێنانی زانیارییەکان هەیە.

3-ئاماژەیەکی پەیوەندی ئاماریی لە نێوان کاتی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك و تێربوونەکان هەیە.

*6- جۆری توێژینەوە:*

ئەم توێژینەوەیە دەچێتە نێو چوارچێوی توێژینەوەیەکی وەسفی، کە ئەویش "یەکێکە لە رێبازەکانی توێژینەوەی زانستی, توێژەر بە چەند هەنگاوێکی زانستی کە لە دیاریکردن و پێناسەکردنی کێشەی توێژینەوە دەستپێدەکات تاوەکو بە ئەنجامەکان دەگات و توێژینەوەکەی تەواو دەکات. " عبيدات و ابو السميد, 2002 : 38.

*7- میتۆدی توێژینەوە:*

لەم توێژنەوەیەدا میتۆدی ڕوپێوی بەکارهاتووە, بەو پێیەی کە میتۆدێکی گونجاوە لەگەڵ ئەو مەبەستەی دەویسترێ بهێنرێتە دی, کە ئەویش بریتییە لە بەکارهێنانی شێوازێکی رێکخراو بۆ شیکردنەوەو دەستنیشانکردنی

دۆخی ئێستای دامەزراوەکانی زانیاری و ئەوانەشی لێی سوودمەندن و جۆری ئەو پەیوەندییە که له نێوانیاندا هەیە.

*8- کۆمەڵگای توێژینەوە:*

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە قوتابیانی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین-هەولێرە, که به شێوەیەکی رەمەکی رێکخراو, هەردوو رەگەزی مێ و نێر وەرگیراون. وەرگرتنی رێژەیی له نێوان قوتابیانی کوران و کچانی کولێژەکه, بەم شێوەیه بوو: له کۆی (150) قوتابی, (84) کچن و (66) کور. که کۆی گشتی قوتابیانی ئەو کولێژە (2374) قوتابییه, لەوانە (1247) مێ, (1127) نێرن.

*9- نموونەی توێژینەوە:*

وەك له خشتەی ژمارە(1)دا دەرکەوتووە، نموونەی توێژینەوەکه پێکهاتووه له 150 قوتابی له هەردوو رەگەزی مێ و نێر له کۆلێژی ئەدەبیات قۆناغەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمی گشت بەشەکان, له رێگەی هەرەمەکی رێکخراو هەڵبژێردراون. توێژینەوەکه باسی تێربوونەکانیان دەکات له کاتی بەکارهێنان توری کۆمەڵایەتی فەیسبووك لەلایەن قوتابییەکانی کۆلێژی ئەدەبیات.

خشتەی ژمارە(1): رەگەزی نموونەی توێژینەوە روون دەکاتەوە

| ژ | رەگەز | ژمارە | رێژەی سەدی% |
|---|---|---|---|
| 1 | مێ | 84 | 56 |
| 2 | نێر | 66 | 44 |
| کۆی گشتی | 150 | %100 | %100 |

*10- ئامرازەکانی توێژینەوە:*

لەم توێژینەوەیەدا ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بەکار هاتوون, بریتییە له فۆرمی راپرسی: "ئەمە جۆرێکە له کەرەسەی کۆکردنەوەی راستی و زانیاری, که پێك دێت له لیستی کۆمەڵێك پرسیار و بەسەر ئەو کەسانە دابەش دەکرێت کەلێیان دەکۆڵدرێتەوە, یان له بواری بابەتی لێکۆڵینەوەکەدا کاردەکەن, لەم جۆرە لیستەدا کەسەکان بەبێ یاریدەی کەس وەرامی پرسیارەکان دەدەنەوە(چوکل, 1999: 37). فۆرمی راپرسییەکە پێك دێت له(22) پرسیار, بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (1).

*11- بوارەکانی توێژینەوە:*

1- بواری مرۆیی: قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین, کۆلێژی ئەدەبیاته, به هەردوو رەگەزی مێ و نێر, که به شێوەیەکی رەمەکی رێکخراو وەرگیراون (84) مێ و (66) نێر, که کۆی گشتی قوتابیانی ئەو کولێژە (2377) قوتابییه, لەوانە (1248) مێ, (1129) نێرن, ئەویش به رێژەی له سەدا (5) وەرگیراون.

2-بواری کات: توێژەران لە ڕێککەوتی (2016/3/3-2016/8/1) هەڵستاون بە کۆکردنەوەی زانیاری تایبەت و ئەنجامدانی توێژینەوەکە.

3-بواری شوێن: بواری شوێنی ناوچە جوگرافییەکەی ئەم توێژینەوەیە زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلیژی ئەدەبیات.

**دووەم: چەمکەکانی توێژینەوە**

*1- چەمکی فەیسبوک (face book)*

ئەم چەمکە وشەیەکی لێکدراوە, کە لە (face) بە واتایی ڕوخسا, (book) بە مانایی پەرتووک دێت, هەمووشی بەسەریەکەوە مانای پەرتوکی ڕوخسار خۆی دەنوێنێ.

فەیسبوك لە کۆمەڵێك کە لە چەند ئەندامێك پێك دێن و لەسەر بنەمای هەرێمایەتی یان شوێنی کارکردن پۆلین دەکرێن. بەشداربوویی نوێ بۆی هەیە هەر کامێك لەو پۆلێنانە یان لەو کۆمەڵەیە هەڵبژێرێت, پاشان دەست دەکات بە کردنەوەی لاپەرەیەك و هەڵبژاردنی ئەو بابەتەی کە بۆی دەگونجێت, بۆ ئەم مەبەستە یان پۆستی ئەلیکترۆنی یان ناوی یەکێك لە هەڤاڵەکانی لەو شوێنەی کە بۆ لێگەڕان تەرخانکراوە دەنووسێت. ئەگەر بەشداربوو لەسەر فەیسبووك بێت ئەوا دەتوانی ببینی و لەگەڵی بەردەوام بێت(الدماري، الانترنت).

فەیسبوك یەکێکە لە بەناوبانگترین و بەربڵاوترین وێبسایتی کۆمەڵایەتی لەناو تۆڕی ئینتەرنێتدا و، یەکێکە لە دروشم و دیارترین دەرەنجامی تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندیکردنی هاوچەرخ. مێژووی دامەزراندنی ئەو وێبسایتە بۆ مانگی فێبرایەری ساڵی2004 دەگەڕێتەوە، و لەگەڵ ئەوشدا کە بە بەراوردکردن لەگەڵ وێبسایتە ئەلیکترۆنییەکانی دیکەدا, فەیسبووك وێبسایتێکی نوێ و سەردەمیانەیە، بەڵام لە ڕووی گەورەییەوە لە دوای هەریەك لە وێبسایتەکانی گوگڵا و یاهۆ سێیەم شوێن لە ڕیزبەندی و پۆڵێنکردنی وێبسایت زەبەلاح و بەناوبانگەکان بەردەکەوێت و پێش هەریەك لە یوتیوب و مایکرۆسۆفت و بلوگیر و ویکیپیدیا کەوتوو(القندلجی, 2013: 350.).

کەواتە دەتوانین بەم شێوەیە پێناسەی بکەین و بڵێین: فەیسبووك وێبسایتێکی تۆڕی کۆمەڵایەتییە، لە 4ی فبرایەری 2004 دەستی بە کارەکانی کردووە. بەشداریکردن لەو وێبسایتدا بێ بەرامبەر و بەخۆڕاییە ومۆڵکی سەرەکی کۆمپانیای فەیسبووکە و لەلایەن ئەو کۆمپانیایەوە بەڕێوەدەبرێت، و دەکرێت بەکارهێنەران لەڕێگەی شارەکەیان یان شوێنی کاری خۆیان یان قوتابخانە و هەر شوێنێکی دیکەوە پەیوەندی پێوە بکەن و کارلێك (پەیوەندی) لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بکەن. هەروەها هەر کەسێك دەتوانێت برادەر پەیدا بکات و نامە و پەیامی خۆیان بۆ بنێرن و قسەی تایبەت (چات) لەگەڵیدا بکەن و برادەران لە ڕووداوەکان ئاگادار بکەنەوە(خۆشناو, 2001: 192).

*2- چەمکی زانکۆ*

لە زمانی کوردیدا بەرامبەر دەستەواژی (جامعە) زانکۆ بەکاردەهێنرێت, کە ئەو دامەزراوە زانستی و ئەکادیمییە بەربڵاو و فراوانەیە, کە ژمارەیەك کۆلێژ دەگرێتە خۆی و شوێنێکی دیاریکراوی هەیە, کە کوڕ و کچ بەبێ جیاوازی ڕەگەز و ئایین و زمان و نەتەوە وەردەگرێت, سەرەڕای ئەوەی زانکۆ ناوەندێکە بۆ پەروەردە و فێرکردن, کە خوێندنی زانستە جیاجیاکان لە خۆ دەگرێت بەپێی ئاستی جیا لە بوارەکانی داب و نەریت, کادری کارامە پێدەگەیەنێت. هەروەها زانکۆ ئەو مەڵبەندەیە کە تیایدا زانستە نوێیەکان دەخوێنرێت و داهێنانی تازە و گەورەی هزری و فەلسەفی و زانستی لێوە سەرهەڵدەدات(سالار, 1994: 33).

زانكۆ دەزگایەكی بۆ خوێندنی باڵا و توێژینەوەكان و بروانامە یان موڵەتی خوێندنی ئەكادیمی, بەدەرچووانی دەبەخشێت، بەشێكی فەرعییە كە پەیوەندی و بەستراوەتەوە بە ڕێكخراو و دامەزراوە كۆمەڵایەتییەكان ترەوە هەیە, زانكۆ دادەنرێت بەو دامەزراوە ئەكادیمییە زانستییە كە هەموو دامەزراوە كۆمەڵایەتی و ئابووری و پیشەسازییەكان دەگرێتەوە بە هەموو جۆرە تایبەتمەندییەكان و شارەزاییە مرۆییەكانەوە بۆ داواكارییەكانی پەرەسەندنی گشتگیر لە كۆمەڵدا(عوسمان و ڕەحیم, 2007: 58).

## تەوەری دووەم : سەرهەڵدان و گەشەسەندنی تیۆری بەكارهێنان و تێربوون

### یەكەم: ناوەرۆكی تیۆری بەكارهێنان و تێربوون

تیۆری بەكارهێنان و تێربوون بایەخی بە تایبەتمەندییەكانی تاكەكان و جیاوازییەكانیان دەدات و لە تێروانینی ئەو تیۆرەوە كاریگەربوون لە ڕێگەی ئامرازەكانی ڕاگەیاندنەوە لەسەر تاكەكان لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی تر جیاوازە، لەبەر ئەوەی پرۆسەكە ئاڵۆزە، ئەمە بۆ چەندین فاكتەری بەیەكەوە بەستراو دەگەڕێتەوە، لەوانە باكگراوندی بینەران و وەرگران بەشێوەیەكی گشتی و چێژ وەرگرتنی كەسی و هۆكارە كەسێتییەكان و بارودۆخی كۆمەڵایەتی وەك داهاتی مانگانە و ئاستی فێربوون وزانستی و تەمەن و ڕەگەز و جۆری ئەو تێربوونەی كە هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی دەدات.واتە ئەم تیۆرە هەوڵدەدات ئەو تێربوونانە بناسێت, كە لەئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەیئامرازەكانی ڕاگەیاندنی جەماوەری وەرگربەدەستی دەهێنێت(مناف، 2014: 238)، هەربۆیە توێژەرانی بواری ڕاگەیاندن ئەم ئاراستەیەی گۆڕی، لەجیاتی ئەوەی گرنگیی بەوە بدەن ئاخۆ پەیامی ڕاگەیاندن چی لە وەرگر دەكات، گرنگیان بەوەدا ئاخۆ وەرگر چی لە پەیامی ڕاگەیاندن دەكات. بەم شێوەیە ئەم دەروازە تیۆرییە لە تیۆرەكانی پێشخۆی جیا دەكرێتەوە، كە زیاتر گرنگیی بە وەرگر و تایبەتمەندییەكانیان و پاڵنەرەكانیان دەدات(ابوأصبع, 2004: 140).

### دووەم: دەركەوتنی تیۆری بەكارهێنان و تێربوون

تیۆری بەكارهێنان و تێربوون یەكێكە لەو تیۆرانەی كە ئەمرۆ لە ناوەندەكانی توێژینەوەكانی جیهان زۆرترین توێژینەوكانی ئەكادیمی و زانستی لە ژێر رۆشانیدا بەكاردەهێنرێت, چونكە لە ئەنجامی بەرەوپێشچوونی تەكنەلۆژیاوئامرازەكانی پەیوەندی و تورە كۆمەڵایەتییەكاو بەكارهێنانیان لەلایەن كۆمەڵگە و گەنجان و قوتابیان بە تایبەتی تورە كۆمەڵایەتییەكان كە ئەمرۆ زۆربەی جیهان بە خۆیەوە سەرقاڵكردووە, ئەمە وایكردووە كە توێژەران لە توێژینەوەكانیاندا پەنا بەرنە بەر ئەم تیۆرە تاوەكو پاڵنەر و فاكتەرەكانی بەكارهێنان و تێربووەنەكانی تاكەكانی كۆمەڵگەی خۆیان دەستنیشان بكە.

لەژێر ناونیشانی (بەكارهێنانەكان و قایلبوون یاخود بەكارهێنانەكان و تێربوون)، توێژینەوە لەسەر بەكارهێنانی "ئامرازەكانی پەیوەندیكردن" كرا كە سەرنجی زۆربەی توێژەرانی بۆ لای خۆی ڕاكێشاو تاكو بزانن كە: "جەماوەر چی بە ئامرازەكان دەكات؟" لەبری ئەوەی: "ئامرازەكان چی بە جەماوەر دەكات؟"( دلیو، 2003 : 30).

لەم دەروازەیەوە دەبینین كە لەسەرەتاكانی توێژینەوەكان بۆ ئەم تیۆرەدا، هەندێ پۆلێنكردن بۆ بەكارهێنانی ڕادیۆ و ڕۆژنامەكان دادەڕێژران، زانای پەیوەندیكردن "هێرتا- هیرزج" گریمانەی ئەوەی كرد كە لە بەرنامەكانی كێبڕكێدا پێنج ئەگەر لەبەردەم جەماوەردا هەن كە بریتن لە: (كێبڕكێكردن، پەروەردەیی، هەڵسەنگاندنی خود،ورزشی،

تێربوونی گوێگرانی زنجیره دراماکانی رادیۆ که ئازادکردنی هەستەکانیانە، بیرکردنەوەیەك لەسەر حەز بونیاد نرابێ، تێربوون)( نورالدين, 2006.)

لەلایەکی دیکەوە توێژەر "ستسمان" بۆی دەرکەوت کە پاڵنەری بایەخدانی بەقوڵی گوێگرتنی موسیقا رادیۆیە، و"لازرسفیلد" و "وولف فیسك" گەشەکردنی منداڵ بە گەمەو خۆشییە، "لیبرسۆن"یش ئەوەی تێبینی کرد بەکارهێنانی زۆری رۆژنامەکان لەپێناو زانینی هەواڵەکانەو شیکردنەوەی پرسە گشتییەکانەو وەکو کەرەستەیەك لە کەرەستەکانی ژیان، پشوو، رەچاوکردن، پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەکاردێت(کنعان, 2014: 175-177).

شایانی گوتنە ئەم تیۆرە بەشێوەیەکی تایبەتی و لەژێر رۆشنای ئەو توێژینەوانەی کە "هێرتا- هیرزج" لەساڵی 1944 پێی هەڵسابوو هاتنەبوون، بەئامانجی ئاشکراکردنی تێربوونی جەماوەرو راوبۆچوونەکانیان، و گەیشتە ئەوەی کە پێویستە پێداویستییە سۆزییەکانیان تێربکرێت.

لەساڵی 1945 "بیرلسۆن" توانی شیکردنەوەیەك بۆ هەشت رۆژنامە بکات بەهۆی مانگرتنی کرێکارەکانیانەوە لەدابەشکردنی ئەو رۆژنامەیە، و بۆ ماوەی دوو هەفتە لەدەرچوون وەستابوون، پرسیارێکی ئاراستەی جەماوەر کردبوو کە لەنەبوونی ئەو رۆژنامەیە لەبازاڕ بۆ خوێندنەوە چیتان لەدەستداوە، گەیشتە ئەوەی کە رۆژنامەکان بە رۆڵێکی گرنگ بۆ جەماوەر هەڵدەستن کە گواستنەوەی هەواڵ و زانیارییە و دوورخستنەوەیانە لەژیانی واقیعیاندا(مشاقبة،2011 : 85). بۆ یەکەمین جارو بەشێوازێکی تەواو ئەم تیۆرە لە کتێبی"بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندیکردنی جەماوەری" لەساڵی 974 سەریهەڵدا, کە دانەریان "کاتز و بلوملر"ن، و کتێبەکە لەسەر ئەو بیرۆکە سەرەکییە دەدوا کە دەیویست وێنای ئەو ئەرکە بکات کە لەلایەك ئامرازەکانی راگەیاندن بەناوەرۆکەکانیان پێی هەڵدەستن، و لەلایەکی دیکەشەوە ئەو پاڵنەرانەی کە وا لەجەماوەر دەکات کە تەماشاکاربن. لەلایەکی دیکەشەوە "کاتز و بلومر" پێیان وایە دەروازەی بەکارهێنانەران و تێربوونی خواستەکان بەواتای بنەچەی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیە و ئەو پێداویستییانەی کە لەنێویاندا دروست دەبن. و هەر پێشبینیەك لەئامرازەکانی راگەیاندن یاخود هەر سەرچاوەیەکی دیکە کە ببێتە ئەگەری ئەوەی هەر شێوازێکی جیاوازی بەرکەوتن و بینینی ئامرازەکانی راگەیاندن کە ببێتە هۆی تێربوونی پێداویستییەکان و دەرەنجامێکی دیکە کە زۆرجار مەبەستدار نەبێت(اسماعيل، 2003 : 252).

ئەو باکگراوەندە بوو بە بنەمایەك, کە ئەم تیۆرە لەسەر بینا بکرێت و لە رێگە ڕاستییەکەیدا بە چەندین قۆناغ تێپەرێت و گەشەبسەنێت, پەلوپۆی خۆی دابکوتێ و ببێتە واقعێکی ڕاستەقینە و تیۆرێکی سەربەخۆی بواری راگەیاندن.

**سێیەم: گریمانەکانی تیۆری بەکارهێنان و تێربوون**

گرنگترین گریمانەکانی تیۆرەکە لەم خاڵانەی خوارەوە گەلالە دەکرێن(.مەکاوی و ئەلشەریف, 2011: 391-392).

1-ئەندامەکانی جەماوەر بەشداریکارێکی کارای پرۆسەی پەیوەندیکردنی جەماوەرین بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی خۆیان و جێبەجێکردنی بۆچوون و مەزەندەکانیان, ئامرازەکانی پەیوەندیکردن بەکاردەهێنن.

2- بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندیکردنی دەربڕی ئەو پێداویستییانەیە, کە ئەندامەکانی جەماوەر دەیانەوێت, لەمەشدا هۆکارەکانی جیاکارییە تاکییەکان و هۆکاری کارلێکی کۆمەڵایەتی و جۆراوجۆربوونی پێداویستییەکان بە جیاوازی تاکەکانەوە, کاردەکەنە سەر بەکارهێنانی ئەو ئامرازانەی ڕاگەیاندن.

3- دووپاتکردنەوەی ئەوەی کە جەماوەر خۆی ئەو پەیام و ناوەرۆکانە هەڵدەبژێرێت, کە پێداویستییەکانی تێر دەکەن, لەبەر ئەوەی تاکەکان ئامرازەکان بەکاردەهێنن, نەك ئامرازەکانی پەیوەندیکردن تاکەکان بەکاردەهێنن.

4- تاکەکانی جەماوەر هەمیشە دەتوانن پێداویستی و ئارەزووەکانیان دەستنیشان بکەن, بەمە ئەو ئامرازە گونجاوانە هەڵدەبژێرن, کە ئەو پێداویستییانەیان تێر دەکات.

5-دەکرێ لەمیانەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە لایەن جەماوەرەوە پێوەرە کلتوورییە باوەکانی کۆمەڵگە ساغبکرێنەوە, نەك تەنیا لە لایەن ناوەرۆکی پەیامەکانەوە.

## چوارەم: سەرهەڵدان و گەشەسەندنی تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووك

تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووك یەکێکە لە ئامرازە نوێیەکانی پەیوەندی جەماوەری, بە" گەورەترین تۆڕی کۆمەڵایەتی لە ئینتەرنێت ناوی دەبرێت"( گۆدەرزی, 2012: 139). کە لە سەر دەستی " مارك زوکەر بیرگە- Mark Zucherberg" لە زانکۆی هارفارد قوتابی بوو. ئەو کات مافی بە ئەندامبوون لەو وێبسایت ئەلەکترۆنیەدا تەنها بۆ قوتابیانی زانکۆی هارفاردبوو، دواتر ئەندامێتی لەو وێبسایتەدا فراوانتر بوو و قوتابیانی زانکۆی بەی بیش ئەو مافەیان بەدەستهێنا، تا ئەو کاتەی وای لێهات هەر قوتابییەکی هەر زانکۆیەك توانی لەو وێبسایت کۆمەڵایەتیەدا ببێتە ئەندام و، دواتریش قوتابیانی ئامادەییشی لەخۆگرت(منیر, 2010: 3)دواجاریش دەرگای بە ئەندامبوون لەو وێبسایتەدا بەڕووی هەر کەسێکدا کرایەوە کە تەمەنەکەی لە سەرووی سێزدەساڵیدا بوو(حمە غریب, 2015: 165).

لە هەنگاوێکی نوێدا ئەم ماڵپەڕە لە وی یەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا, هەوڵیداوە لە ڕێگای ئەپیکی تازەی مەنسجەرەوە بۆ تەلەفۆنی ئایفۆن کار ئاسانی بکات دەستیکردووە بە تێستکردن هەتا لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە پەیوەندیی بکەیت بە هاوڕێ و کۆمێنتەکانەوە لە فەیسبووك, بەبێ ئەوەی هیچ مەسرەفێکی زیاتری لەسەر بکەوێت. ئەو هەنگاوە لەسەرەتای ئەم مانگەدا بۆ یەکەم جار لە کەنەدا ئەنجامدراوەو پەرەی پێدرا بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا . نزیکەی لە60% بەکارهێنەرانی فەیسبووك ئەو ماڵپەرە کۆمەڵایەتییە لە ڕێگای تەلەفۆن و تابولێتەکانیانەوە بەکاردەهێنن بۆ پەیوەندی کردن(کامەران, 2013).

## پێنجەم: تایبەتمەندییەکانی تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووك

فەیسبووك وەك تۆرێکی کۆمەڵایەتی خاوەن چەندین تایبەتمەندییە کە گرنگترینیان ئەمانەن(الفيصل, 2014: 82).

1- تایبەتمەندی wall یان وێنەی دیواری کە پێکدێت لەرووبەرێکی دیاریکراو بە ماڵپەری تایبەتی کەسەکەوە و هەر کەسێك کە بەکاردێنێت کە هاوڕێیەکانی دەتوانن بەکاربێنن بۆ ناردنی نامەکان.

2- تایبەتمەندیstatus ڕەخساندنی ئەو توانایە کە لە کاتی بەکارهێنانی بتوانی پەیوەندی بەهاورێیەکانی بکات لەکاتی ئەنجامدانی ئەو کارەی دەکەی.

3 - Notes ئەمە تایبەتمەندییەکی تری فەیسبووکە کە بە نووسین و هێما و وێنەکان لەگەڵ کۆمێنتەکان بەستراوەتەوە.

4 -Pokeپۆککردن: هۆکارێکە بۆ ئەوەی ئاشنایەتی لەگەڵ کەسێکدا پەیدا بکەی کە پێشتر نەتناسیوە, لە نێوان هاوڕێیانیشدا وەکو هۆکارێکی بەئاگاهێنانەوە بەکاردێ بە شێوەیەك کە بەکارهێنەر ئەو تایبەتمەندییە بۆ هاوڕێیەکی بەکاردێنێ و ئەویش بە پۆك وەڵام دەداتەوە(مەحموود, 2015: 57).

ئەمە سەرەڕای خزمەتگۆزاری نامەکان و لایڤ و دەنگ و ڤیدیۆ و دانوستاندن و ناردنی دیارییەکان. فەیسبووك ڕووبەرێك بۆ ڕیکلامکردن و کرین و فرۆتنی تایبەت بۆ ئەندامەکانی دابین دەکات, ئەویش بەپێی باسکردنی کۆمپانیای"کۆکسکۆر" کە کۆمپانییێکی تایبەتە بەفرۆتن لەسەر ئینتەرنێت, هەروەها فەیسبووك هەڵدەستێت بەکۆکردنی چەند داتاییێك لەکاتیکدا پێشەنگترە بۆ خزمەتکردن لە گۆگل و مایکرۆسوفت. (لینکیدلن) کە یەکێکە لە دیزاینەری فەیسبووك دەڵێ: ئەوەی لە لایەنی پیشەیی ورد دەبێتەوە لە وێبسایتەکانی دیکەی وەك ئینستاگرام، ڤایبەر، ئیمۆ..تاد کە تۆڕی وێنە و مۆبایلە و ئێستا گۆگڵ کە بەخێرایی گەشەی کردوهەوڵێکیش بوو بۆ باشترکردنی نەخشەسازی ڕەسەنی فەیسبووك کە بەهۆیەوە لە چەند هەفتەی سەرەتای دامەزراندنیدا بە دەیان ملیۆن بەکارهێنەر بەشداریان تێدا کرد. بۆیە فەیسبووك هەوڵ بۆ خستنەپاڵی زیاتری تایبەتمەندی نوێ دەدات، بۆئەوەی ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییە پیشەییەی ئێستا زیاتر سوود و گونجانی هەبێت(الفیصل, 2014: 82).

**شەشەم: سوودە و لایەنە باشە کانی تۆری کۆمەڵایەتی فیسبووك**

لێرەدا هەندێ لە لایەنە با و سوودەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فیسبووك دەخەینەڕوو(عبالمعطي, 2015: 88).

1-فیسبووك ئامرازێکە بۆ سەرلەنوێ بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانەی کە ئامرازە کلاسیکییەکانی میدیا بڵاودەکەنەوە, بۆ نموونە تەلەفزیۆنی ڕووداو و ڕۆژنامەکانی باس و ئاوێنە, کە هەموویان لە تۆڕێ کۆمەڵایەتی فیسبووك هەژمارەیی تایبەت خۆیان هەیە, هەر بابەتێك کە لەو ئامرازانە بڵاو دەبنەوە, دووبارە لە هەژمارەکانی خۆیان بڵاو دەکەنەوە.

2- ئەم پێگەیە دەرفەتێکە بۆ ڕۆژنامەنووسان کە هەواڵ و زانیارییان تیایدا دەستکەوێ, چونکە کەسە بەناوبانگەکان و کەسایەتییە گشتییەکان لە فیسبووك ئەکاونتی تایبەت بە خۆیان هەیە, کە چالاکییەکانی خۆیان تێدا بڵاو دەکەنەوە, سەرباری ئەوەی لە ڕێگەی ئەم ئامرازە دەتوانن پەیوەندی بەم کەسایەتیانە بکەن بۆ پرسیارکردن و ئەنجامدانی گفوگۆی.

3- ئەم پێگەیە بوار دەرەخسێنی بۆ دروستکردنی لاپەڕەگەلێك کە کۆمەڵە خەلکێك بە دەوری خۆیان کۆدەکەنەوە, کە خودان گرنگیپێدانی هاوبەشن وەکو خاڵی بەیەکگەیشتنی گریمانەیی.

**حەوتەم: کاریگەری تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك لەسەر تاك**

تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك لە جیهانی ئەمڕۆدا وەك ئامرازێکی گەورەی پەیوەندی جەماوەی خۆی دەنوێنێ, لە پاڵ گۆگڵ و یاهۆ ناوی دێت, بۆیە زۆرێك لە تاکەکانی کۆمەڵگە خۆیان خەریك کردووە بەم وێبسایتە سەردەمییە, کە لە ڕێگەی ئەم ئامرازەوە سەدان هاوڵاتی بەتایبەتی لاوان و گەنجانی ئەم وڵاتە لە چرکە سەعاتێکدا پەیوەندی لە نێوانیان دەگۆڕنەوە, هەروەها لە هەواڵ و ڕووداوەکانی سەرتاپای زەمین یەکتر ئاگادار دەکەنەوە.

زۆربەی گەنجانی ئێمە ڕۆشنبیری بەکارهێنانی فەیسبووکیان نیانە, لەبەر ئەوەی دووچاری خراپ بەکارهێنانی دەبن, چونکە دەبینین ئەو کەسانەی خۆیان لە چینی گەنجانی کوردستان دەبینەوە بە تایبەتی زانکۆ, کاتێکی زۆر تەرخان دەکەن, تەنانەت تا درەنگانی شەویش پەیوەندی نەپچاڕندووە لەگەڵ وێبسایتکەدا بەردەوامە بۆ چات و بڵاوکردنەوەی هەندێ وێنەی نەشیاو خوێندنەوەی بابەتی بێ سوود, بەراستی ئەمە سوود نە بە ئەو نە بەکۆمەڵگە ناگەیەنێت, بۆیەبەسەربردنی کاتێکی زۆر لەبەرامبەر مۆنیتەری کۆمپیوتەر لەلایەن گەنجانی زانکۆ دەبێتە مایەی گۆشگیری لەخێزاندا و دروستکردنی هەستی بەرپرسیارێتی بەرامبەر بەبوارەکانیتر.

هەروەها بۆ تێربوونی کەسی و سۆزداری، هەموو ئەمانە وادەکەن بەکاربەر وابەستەبوونی بەم ئامرازانەوە زیاتر بێ، بەهیوای تێرکردنی لایەنی سۆزداری, کە زۆر ئەستەمە ئەم تێربوونە لە ڕێگەی فەزای ئەلیکترۆنییەوە وەدەست بێت، دەرئەنجام لە کۆتاییدا کۆمەڵێك سەرئێشەی بۆ دروست دەکات لەوانە, پەشێوبوونی سلوك و لەدەستدانی هەستکردن بە تام و تەڕاتی ژیان، کە ئەمانە ئاسەواری نێگەتیفی لەسەر ڕوانگەی بۆ دروستکردنی خێزان و باری دەروونی دەبێ و وادەکات هەستی غوربەت و دوورەپەرێزی خێراتر لای چەکەرە بکات(السويدي, 2013: 71).

بۆیە چوونە نێو ئەو جیهانە وەهمی و گریمانەییەی کە تۆڕی ئینتەرنێت پێشکەشی دەکات، و کەسی ئاڵودەبوو بەرادەیەك دەکەوێتە ژێرکاریگەرییەکانی، ناتوانێئەوجیهانە وەهمیە لەجیهانی واقیعی لەیەك جیا بکاتەوە. لاوازبوونی تواناکانی تاك بۆ دروستکردنی کەسێتییەکی دەروونی دروست، کە بتوانی بەشێوەیەکی ئاسایی لەگەڵ کۆمەڵگە و واقیع دا کارلێك بکات, ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی تاك بەرەو کەمبوونەوە دەچێت و زیاترحەز بە گۆشە گیری دەکات(ئیبراهیم, 2014 : 84).

سەرەڕای ئەمە زانایەکان و پسپۆڕەکانی بواری میدیای و بواری ئەلیکترۆنی ڕۆژئاوایەکان و ئەوروپییەکان و تەنانەت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەو باوەڕەدان, کە"ئێستا ئینتەرنێت نەوەیەکی دروستکردووە, کە لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە, بەتایبەتی وەك فەیسبووك, یوتوب و تویتەر...تاد, ئەم نەوەیە پەیوەندی کۆمەڵایەتی فەزای و ئەلیکترۆنیان هەیە, یەکتر کۆدەکەنەوە و میتینگ و چاوپێکەوتنیان هەیە و ئالوگۆڕی سیاسیان پێکەوە هەیە. بەبێ سنوور و مقەس و سانسۆر, ئەمانە شۆڕشێکی سیاسیان دروست کرد, بۆیە هەنگاوێکی نا بەرەو سیاسی کردنی ئەم تۆڕە وە بەرە دورسکردنی گروپی فەزای ئەلیکترۆنی کە ئەم گروپانە کۆدەبنەوە قسە دەکەن و شوێنیان بۆ یەکتر دیاری دەکەن, تەنانەت حکومەتێکی ئەلەکترۆنی بۆ خۆیان دروست دەکەن, بۆیە بەشێوەیەکی زۆر فراوانە گەشەی کردووە، بەڵام پێویستە ئەوە بلێین ئەوەی ئەمرۆ گەنج لە تۆڕەکانی ئینتەرنێت بەتایبەتی فەیسبووك دەستی دەکەوێت ئەوە نییە کە سەرجەم خواست و ئارەزووەکانیان بۆ وەرگرتنی زانیاری تێرکردن بێت. سەرەڕای ئەمە دەتوانین لە تورەکانی نیتەرنێتەوە دەنگەکانیان بگەینن بەدەسەڵات و نەتانەت جیهانیش, بەڵام مەرج نییە وەڵامەکانیان دەست کەوێت.

پەیوەندییەکانی پێگە کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی گشتی و فەیسبووك بە شێوەیەکی تایبەت ڕۆڵی گەورە لە ڕووداوەکانی گۆڕانی سیاسی لە ناوچەکە بە تایبەتی ولاتانی عەرەبی کە بە (بەهاری عەرەبی) ناسراوە بینی کە بۆوە هۆی روخاندنی چەندین رژێم(امین, 2015: 88).

کەواتە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك بووەتە ئامرازێکی سەرەکی دروستکردنی کاریگەری سیاسیی چ لەسەر ئاستی هەرێمی و چ ئاستی جیهان, هەروەها دروستکردنی ڕای گشتی و فشارخستنە سەر دەسەڵات لە ڕێگەلا فەراهامکردنی بواری زیاتر بۆ دەنگە ناڕازییەکان و ئۆپۆزسیۆن لە خستنەڕووی گەندەڵیی و نادادپەروەرییەکان(مەحموود, 2015: 57). لێرەدا دەردەکەوێت بەرنامەکانی ئینتەرنێت و پەیوندییەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك زیان بەخش نین یان تەنیا کاریگەری پۆزەتیڤ نین, واتە کاریگەرییەکان دوولایەنن, هەم لایەنی باشی هەیە هەم لایەنی خراپ, ئەمە بۆ گەنجانی زانکۆ بەکاربەری ئەم ئامرازە دەگەڕێتەوە, کە تا چەند بەکاردەهێنی بۆ وەرگرتنی زانیاری و زانستی بە سوود.

## تەوەری سێیەم :لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

### یەکەم: پیشاندان و ڕوونکردنەوەی دەرئەنجامەکانی توێژینەوە

لەخشتەی ژمارە(2)دا نیشانی دەدات 56%ی دەستنیشانکراوان ڕەگەزیان مێیە, لە44%ی دەستنیشانکراوانیش ڕەگەزی نێرن, لێرەدا دەردەکەوێت نموونەی وەرگیراوی مێ لە نێر زیاترە, ئەمە بۆ وەرگرتنی سەرژمێری لەو کۆلیژە دەگەڕێتەوە, کە ژمارەی مێ لە نێر زیاتربوون.

خشتەی ژمارە(2): ڕەگەزی نموونەی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە

| ژ | ڕەگەز | ژمارە | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|---|
| 1 | مێ | 84 | 56 |
| 2 | نێر | 66 | 44 |
| کۆی گشتی | | 150 | %100 |

لە خشتەی (3)دا دەردەکەوێت, کە ڕێژەی (59%) لە ڕەگەزی مێ نموونەی توێژینەوەکە باری ئابووریان باشە, ڕێژەی (38%) ڕەگەزی مێ نموونەی توێژینەوەکە باری ئابوورییان مامناوەند و ڕێژەی(4%) ڕەگەزی مێ باری ئابووریان خراپە, کە ڕێژەی (64%) لە ڕەگەزی نێر نموونەی توێژینەوەکە باری ئابووریان مامناوەندە, ڕێژەی (30%) ڕەگەزی نێر نموونەی توێژینەوەکە باری ئابووریان باشە و ڕێژەی(6%) ڕەگەزی نێر باری ئابووریان خراپە. کەواتە بە بەراوردکردنیان نموونەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی گشتی ڕەگەزی مێ لە ڕەگەزی نێر لە بارەی ئابوورییەوە باشترە.

خشتەی ژمارە(3): باری ئابوری نموونەی توێژینەوەکە روندەکاتەوە

| ژ | ڕەگەز / باری ئابووری | مێ | | نێر | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ڕێژەی سەدی% | ژمارە | ڕێژەی سەدی% |
| 1 | باش | 50 | 59 | 20 | 30 |
| 2 | مامناوەند | 31 | 37 | 42 | 64 |
| 3 | خراپ | 3 | 4 | 4 | 6 |
| کۆی گشتی | | 84 | %100 | 66 | %100 |

شایانی باسکردنە لێرەدا بگوترێت لەم سامپڵەیەدا دەردەکەوێت بە شێوەیەکی گشتی باری ئابووری تاکەکانی هەرێمی کوردستان باشە. بە ڕای توێژەر ئەم ڕێژەیە بە ڕێژەیەکی باش دادەنرێت, چونکە باشی باری ئابووری لێتوێژراوان کاریگەری لەسەر شێوەی خۆشگوزەرانیژیان و ڕەفتار و هزرکردنەوەش هەیە.

لە خشتەی ژمارە(4)دا دەرکەوتووە, ڕێژەی(76%)ی نموونەی توێژینەوەکە بە بەڵێ لە ڕەگەزی مێ, و ڕێژەی (89%) ڕەگەزی نێر بەڵێ فەیسبووك بەکاردێنن, ڕێژەی (24%) ڕەگەزی مێ, ڕێژەی (11%)ی ڕەگەزی نێر بەنەخێر فەیسبووك بەکاردەهێنن.

خشتەی ژمارە(4): بەکارهێنانی فەیسبووك نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە

| ژ | ڕەگەز / بەکارهێنانی فەیسبووك | مێ | | نێر | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ڕێژەی سەدی% | ژمارە | ڕێژەی سەدی% |
| 1 | بەڵێ | 64 | 76 | 59 | 89 |
| 2 | نەخێر | 20 | 24 | 7 | 11 |
| کۆی گشتی | | 84 | %100 | 66 | %100 |

لە ئەنجامی ئەم بەراوردکردنەدا ڕوون بۆتەوە, کە ڕەگەزی نێر بە ڕێژەیەکی بەرچاو و زیاتر لە ڕەگەزی بەرامبەر (مێ) فەیسبووك بەکاردێنن, توێژەر ئەم ڕێژەیە زۆرەی بەکارهێنەری نێر لەم ئامرازە سەردەمەیە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە بۆ باری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی, کە ڕەگەزی نێر لەم کۆمەڵگەیە کەمتر لە ژێرچاودێریدایە, فاکتەرێکی دیکەش ئەوەیە کە ئەم ئامرازە ناتوانرێت لە هەندێ بوارەوە کۆنترۆڵ بکرێت, بۆ نموونە کردنەوەی فەیسبووك بە ناوی کەسان بێ ئەوەی ئەو کەسە ئاگادار بێت, ئەم هۆکارانەوە چەندانی دیکە وای کردووە, کە ئافرەتی کورد کەمتر خۆی بخزێنتە ناو تۆڕی فەیسبووك .

لەخشتەی ژمارە(5)دا هاتووە, کە ماوەی بەکارهێنانی فەیسبووك لەلایەن دەستنیشانکراوان ڕوون دەکاتەوە, کە ڕێژەی (44%) نموونەی توێژینەوەکە لە ڕەگەزی مێ کەم فەیسبووك بەکاردێنن, ڕێژەی(42%) ڕەگەزی مێ هەندێجار, ڕێژەی (14%)ڕەگەزی مێ بە بەردەوام بەکاردێنن. کەچی ڕێژەی (56%)نموونەی توێژینەوەکە لە ڕەگەزی نێر هەندێجار فەیسبووك بەکاردێنن, ڕێژەی(30%) ڕەگەزی نێر بەردەوام, (14%)ڕەگەزی نێر بە کەم بەکاردێنن.

خشتەی ژمارە(5): چۆنیەتی ماوەی بەکارهێنانی فەیسبووك ڕوون دەکاتەوە لای بەکاربەران

| ژ 7 | ڕەگەز / وەڵامەکان | مێ | | نێر | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ڕێژەی سەدی% | ژمارە | ڕێژەی سەدی% |
| 1 | بەردەوام | 9 | 14 | 18 | 30 |
| 2 | هەندێجار | 27 | 42 | 33 | 56 |
| 3 | کەم | 28 | 44 | 8 | 14 |
| کۆی گشتی | | 64 | %100 | 59 | %100 |

لە خشتەی ژمارە(6)دا دەردەکەوێت, کە کاتژمێرییەکانی بەکارهێنانی فەیسبووك نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە, ڕێژەی (70%)ی نموونەی توێژینەوەکە لە ڕەگەزی مێ لە (1-2)کاتژمێر فەیسبووك بەکاردێنن, ڕێژەی (16%) ڕەگەزی مێ لە (2-3) کاتژمێر فەیسبووك بەکاردەهێنن, ڕیژەی(14%)ی ڕەگەزی مێ لە (3-4)کاتژمێر فەیسبووك بەکاردەهێنن, بەڵام ڕێژەی (52%)ی نموونەی توێژینەوەکە لە ڕەگەزی نێر لە (1-2)کاتژمێر فەیسبووك بەکاردێنن, ڕێژەی (24%) ڕەگەزی نێر لە (2-3) کاتژمێر فەیسبووك بەکاردەهێنن, هەروەها هەمان ڕێژەی(42%)ی ڕەگەزی نێر لە (3-4)کاتژمێر فەیسبووك بەکاردەهێنن.

خشتەی ژمارە(6): کاتژمێرییەکانی بەکارهێنانی فەیسبووك نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە

| ڕەگەز / کاتەکان | مێ | | نێر | |
|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ڕێژەی سەدی% | ژمارە | ڕێژەی سەدی% |
| 1-2 کاتژمێر | 45 | 70 | 31 | 52 |
| 2-3 کاتژمێر | 10 | 16 | 14 | 24 |
| 3-4 کاتژمێر | 9 | 14 | 14 | 24 |
| کۆی گشتی | 64 | %100 | 59 | %100 |

لە خشتەی ژمارە(7)دا دەردەکەوێت, کە بابەتە گرنگی پێدانەکانی لە فەیسبووك ڕوون دەکاتەوە, کە ڕێژەی (41%)ی نموونەی توێژینەوەکە لە ڕەگەزی مێ کرنگی بە بابەتی کۆمەڵایەتی دەدەن, و ڕێژەی(18%)هەمان ڕەگەزی کرنگی بە بابەتی هونەری, بەرێژەی (16%) لە ڕەگەزی ناوبراو کرنگی بە بابەتی ڕۆشنبیری ئەدەبی دەدەن, و بەرێژەی (8%)یش دیسان هەر هەمان ڕەگەزی کرنگی بە بابەتی ئاینی بەرێژەی 6%)یش هەر هەمان ڕەگەزی کرنگی بە بابەتی سیاسی بەرێژەی (5%)یش لە ڕەگەزی مێ کرنگی بە بابەتی زانستی بەرێژەی (3%)یش هەر لە هەمان ڕەگەزی مێ کرنگی بە هەر بابەتی ئابووری و وەرزشی دەدەن. بەڵام لە ڕەگەزی نێر بەرێژەی (34%)ی نموونەی توێژینەوەکە کرنگی بە بابەتی سیاسی, و ڕێژەی(31%)هەمان ڕەگەز کرنگی بە بابەتی کۆمەڵایەتی دەدەن, بەرێژەی (8%) لە ڕەگەزی ناوبراو کرنگی بە بابەتی هونەری دەدەن, و بەرێژەی (7%)یش

هەروەها لە ڕەگەزی نێر کرنگی بە بابەتی ئاینی, بەرێژەی (5%)یش دیسان لە هەمان ڕەگەزی کرنگی بەهەر چوار بابەتی ئابووری, ڕۆشنبیری ئەدەبی, وەرزشی و زانستی دەدەن.

خشتەی ژمارە(7):جۆری گرنگی پێدانەکانی لە فەیسبووك نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە

| ڕەگەز / بابەتەکان | مێ | | نێر | |
|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ڕێژەی سەدی% | ژمارە | ڕێژەی سەدی% |
| سیاسی | 4 | 6 | 20 | 34 |
| ئابوری | 2 | 3 | 3 | 5 |
| کۆمەڵایەتی | 26 | 41 | 18 | 31 |
| هونەری | 12 | 18 | 5 | 8 |
| ڕۆشنبیری ئەدەبی | 10 | 16 | 3 | 5 |
| ئاینی | 5 | 8 | 4 | 7 |
| وەرزشی | 2 | 3 | 3 | 5 |
| زانستی | 3 | 5 | 3 | 5 |
| کۆی گشتی | 64 | %100 | 59 | %100 |

سیاسی دەبینینەوە, بۆ نموونە ئەگەر تەماشای ناوەندە حیزبی و دەزگا بەرێوەبردنەکانی وڵاتی وەکو پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران دەبینن بەشدارانی ڕەگەزی مێ لە ناویاندا بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن.

لە خشتەی ژمارە(8)دا دەرکەوتووە, کە لە بارەی گرنگی پێدان بابەتەکان بۆ تێرکردنی پێداویستییەکان روون دەکاتەوە, ڕێژەی (50)%ی نموونەی توێژینەوەکە لە ڕەگەزی مێ بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانیان لە وەرگرتنی زانیاری بە پلەی زۆرە, (41%)ی هەمان ڕەگەز بۆ وەرگرتنی زانیاری تارادەیەکە, بەرێژەی (9%)ی هەر هەمان ڕەگەزی بۆ وەرگتنی زانیاری ڕادەی کەمی بەدەستهێناوە, بەڵام بە ڕێژەی (41%)ی بۆ ئاگادار بوون لە ڕووداوەکان لە ڕەگەزی مێ بە پلەی زۆرە, هەروەها بەرێژەی(41%)ی هەمان ڕەگەزی تارادەیەکە, (12)%ی دیسان ڕەگەزی مێ پلەی کەمی وەرگرتووە, بۆ کات بەسەربردن لە ڕەگەزی مێ بەرێژەی (52%)ی کەم پلەی یەکەمە, ڕێژەی (30%)یش تارادەیەکە پلەی دووەمە, ڕێژەی (18%)ی ڕادەی زۆر پلەی سێیەمی بە دەستهێناوە. کەچی بەرێژەی (49%)ی نموونەی توێژینەوەکە لە ڕەگەزی نێر بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانیان لە وەرگرتنی زانیاری ڕادەی زۆر بە پلەی یەکەم دێت, (46%)ی هەمان ڕەگەز بۆ وەرگرتنی زانیاری تارادەیەکە, بەرێژەی (5%)ی هەر هەمان ڕەگەزی بۆ وەرگتنی زانیاری پلەی کەمی بەدەستهێناوە. بەڵام بەرێژەی (58%)ی بۆ ئاگادار بوون لە ڕووداوەکان لە ڕەگەزی نێر بە پلەی زۆرە, هەروەها بەرێژەی(35%)ی هەمان ڕەگەزی تارادەیەکە, (7)%ی دیسان ڕەگەزی نێر پلەی کەمی وەرگرتووە, بۆ کات بەسەربردن لە ڕەگەزی نێر بەرێژەی (37%)ی تارادەیەکە پلەی یەکەمە, هەمان ڕێژەی (37%) ڕادەی کەم پلەی دووەمە, ڕێژەی (26%)یش کە ڕادەی زۆرە پلەی سێیەمی وەرگرتووە.

خشتەی ژمارە (8): چۆنیەتی گرنگی پێدانی بابەتەکان بۆ تێرکردنی پێداویستی لای نموونەی تویژینەوەکە روون دەکاتەوە

| ڕەگەز / ڕای تاکەکان | مێ | | | | | | | | نێر | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | زۆر | | تارادەیەك | | کەم | | کۆی گشتی | ڕێژەی % | زۆر | | تارادەیەك | | کەم | | کۆی گشتی | ڕێژەی % |
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | | | ژ | % | ژ | % | ژ | % | | |
| زانیاری | 32 | 50 | 26 | 41 | 6 | 9 | 64 | 100 | 29 | 49 | 27 | 46 | 3 | 5 | 59 | 100 |
| بۆ ئاگادار بوون لە ڕووداوەکان | 26 | 41 | 26 | 41 | 12 | 18 | 64 | 100 | 34 | 58 | 21 | 35 | 4 | 7 | 59 | 100 |
| کات بەسەربردن | 12 | 18 | 19 | 30 | 33 | 52 | 64 | 100 | 15 | 26 | 22 | 37 | 22 | 37 | 59 | 100 |

لە خشتەی ژمارە(9)دا دەرکەوتووە, بەڕێژەی (31%)ی نموونەی توێژینەوەکە لە ڕەگەزی مێ کات بەسەربردن لە فەیس بووك لە ڕێگەی خوێندنەوەی بەسەردەبەن, و ڕێژەی (24%)ی لە هەمان ڕەگەزی گرنگی بە بڵاوکردنەوەی وێنە دەدەن, بە ڕێژەی(20%)ی ڕەگەزی مێ بە چات, هەروەها (14%)□ لە ڕەگەزی ناوبراو بە بینینی وێنە و ڕێژەی (6%) دیسان لەڕەگەزی مێ بینینی شعر کاتەکانیان بەسەردەبەن. بەڕێژەی (5%)ی ڕەگەزی مێ کاتەکانیان بە بڵاوکردنەوەی شعر بە سەردەبەن. لە بارەی ڕەگەزی نێرەوە بەڕێژەی (20%)ی نموونەی توێژینەوەکە بۆ کات بەسەربردن لە فەیس بووك, بۆ بڵاوکردنەوەی وێنە, خوێندنەوەی و چات بەسەردەبەن, واتە هەر سێ بابەتەکان یەك ڕێژەیان بەدەستهێناوە. بەڕێژەی (17%)□ لە ڕەگەزی ناوبراوەوە بە بینینی وێنە و بەڕێژەی (12%)ی ڕەگەزی نێر کاتەکانیان بە بڵاوکردنەوەی شعر و ڕێژەی (11%)ی لە هەمان ڕەگەزی بە بینینی شعر کاتەکانیان بەسەردەبەن.

خشتەی ژمارە(9): چۆنیەتی کات بەسەربردن لە فەیس بووك ڕوون دەکاتەوە لای بەکاربەران

| ڕەگەز / کات بەسەربردن | مێ | | نێر | |
|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ڕێژەی % | ژمارە | ڕێژەی % |
| بڵاوکردنەوەی وێنە | 15 | 24 | 12 | 20 |
| بینینی وێنە | 9 | 14 | 10 | 17 |
| بڵاوکردنەوەی شعر | 3 | 5 | 7 | 12 |
| بینینی شعر | 4 | 6 | 6 | 11 |
| خوێندنەوەی | 20 | 31 | 12 | 20 |
| چات | 13 | 20 | 12 | 20 |
| کۆی گشتی | 64 | %100 | 59 | %100 |

لە ئەنجام ئەم بەراوردکردنەدا ڕوون دەبێتەوە, کە ڕەگەزی مێ بەرێژەیەکی زۆر لە پێش نێرە لە کات بەسەربردن بە خوێندنەوە, واتە نموونەی توێژینەوەکە لە ڕەگەزی مێ لە بەکارهێنانی فەیسبووك بۆ خوێندنەوە

بەکاردەهێنێت وەك لە ڕەگەزی نێر, بەرای توێژەر ڕەگەزی نێر زیاتر خۆی بە بوارەکانی دیکە خەریك دەکات, هەروەك لە خشتەکە بە ڕوونی دەردەکەوێت.

لە خشتەی (10)دا دەردەکەوێت, کە کاریگەری نەرێنی فەیسبووك لەسەر گەنجانی زانکۆ نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە, ڕێژەی (45%) لە ڕەگەزی مێ نموونەی توێژینەوەکە ڕادەی کاریگەری نەرێنی زۆرە, هەروەها هەمان ڕێژە (45%) ڕەگەزی مێ ڕادەی کاریگەری نەرێنییەکە تارادەیەکە, واتە هەر دوو بڕگەکە یەك پلەیان بەدەسهێناوە, بەڵام ڕێژەی(10%) لە ڕەگەزی مێ ڕادەی کاریگەری نەرێنییەکە پلەی کەمی بەدەستهێناوە. لە بارەی ڕەگەزی نێرەوە ڕێژەی (56%)ی نموونەی توێژینەوەکە ڕادەی کاریگەری نەرێنی تارادەیەکە, هەروەها ڕێژەی(36%) هەمان ڕەگەزی ڕادەی کاریگەری نەرێنییەکە زۆرە, بەڵام ڕێژەی(8%) لە ڕەگەزی نێر ڕادەی کاریگەری نەرێنییەکە پلەی کەمی بەدەستهێناوە.

شایانی ئاماژەپێکردنە لەم سامپڵەیەدا دەردەکەوێت بە شێوەیەکی گشتی فەیسبووك کاریگەری نەرێنی لەسەر گەنجانی زانکۆ هەیە. بە ڕای توێژەر ئەم کاریگەرییە وای لە هەندێ تاك کردووە, کە مودمن بین بەم ئامرازە, چونکە دەبینین زۆرێك لەو کەسانە کاتێکی زۆر تەرخان دەکەن, تەنانەت تا درەنگانی شەویش پەیوەندی نەپچارندووە لەگەڵ وێبسایتەکەدا بەردەوامە بۆ چات و بڵاوکردنەوەی هەندێ وێنەی و خوێندنەوەی بابەتی بێ سوود, کە ئەمە سوود نە بە ئەو نە بەکۆمەڵگە دەگەیەنێت.

خشتەی ژمارە(10): کاریگەری نەرێنی فەیسبووك لەسەر گەنجانی زانکۆ نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە

| ڕەگەز / ڕای تاکەکان | مێ | | نێر | |
|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ڕێژەی% | ژمارە | ڕێژەی% |
| زۆر | 29 | 45 | 21 | 36 |
| تارادەیەك | 29 | 45 | 33 | 56 |
| کەم | 6 | 10 | 5 | 8 |
| کۆی گشتی | 64 | %100 | 59 | %100 |

لەخشتەی(11)دا دەردەکەوێت, کە چۆنیەتی سوودوەرگرتنی گەنجان لە فەیسبووك نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە, ڕێژەی (59%) لە ڕەگەزی مێ نموونەی توێژینەوەکە سوودوەرگرتنیان پلەی یەکەم تارادەیەك بەدەسهێناوە, زۆرە, ڕێژە (33%) ڕەگەزی مێ وەرگرتنی سوود لەم ئامرازە بە کەم دەزانن, کە پلە دووەمی بەدەسهێناوە, بەڵام ڕێژەی(8%) لە ڕەگەزی مێ ڕادەی وەرگرتنی سوود زۆرە, کە پلەی سێیەمی بەدەستهێناوە. لە بارەی ڕەگەزی نێرەوە ڕێژەی (68%)ی نموونەی توێژینەوەکە ڕادەی سوودوەرگرتن لەم ئامرازە تارادەیەکە, کە پلەی یەکەم وەرگرتووە, هەروەها ڕێژەی(27%) هەمان ڕەگەزی ڕادەی وەرگرتنی سوود لەم ئامرازە بە کەمە, کە پلە دووەمی بەدەسهێناوە, بەڵام ڕێژەی(5%) لە ڕەگەزی نێر وەرگرتنی سوود زۆرە, کە پلەی سێیەمی بەدەستهێناوە.

خشتەی (11): چۆنیەتی سوودوەرگرتنی گەنجان لە فەیسبووك نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە

| ژ | رەگەز / رای تاکەکان | مێ | | نێر | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ڕێژەی % | ژمارە | ڕێژەی % |
| 1 | زۆر | 5 | 8 | 3 | 5 |
| 2 | تارادەیەك | 38 | 59 | 40 | 68 |
| 3 | کەم | 21 | 33 | 16 | 27 |
| کۆی گشتی | | 64 | %100 | 59 | %100 |

لە خشتەی ژمارە(12)دا دەرکەوتووە, کە لە بارەی ئەو سوودانەی کە بەکاربەر لە بەکارهێنانی فەیسبووك وەردەگرێت نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە, ڕێژەی (41%)ی نموونەی توێژینەوەکە لە ڕەگەزی مێ ڕادەی کەمی بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی زانیاری بەکاردەهێنن, (33%)ی هەمان ڕەگەز بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی زانیاری تارادەیەکە, بەرێژەی (26%)ی هەر هەمان ڕەگەزی بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی زانیاری زۆرە. بە ڕێژەی (42%)ی لە ڕەگەزی مێ بۆ پڕکردنەوەی کاتی بۆشایی بە پلەی تارادەیەکە, هەروەها بەرێژەی(34%)ی هەمان ڕەگەزی ڕێژەی کەم بەکاردەهێنن, (24%)ی دیسان ڕەگەزی مێ پلەی زۆر وەرگرتووە. بۆ شارەزای لە بەرکارهێنانی ئامرازەکە لە ڕەگەزی مێ بەرێژەی (36%)ی کەم پلەی یەکەمە, ڕێژەی (33%)یش تارادەیەکە پلەی دووەمە, ڕێژەی (31%)ی ڕادەی زۆر پلەی سێیەمی بە دەستهێناوە.

خشتەی ژمارە(12): دەسنیشانکردنی ئەو سوودانەی کە بەکاربەر لە بەکارهێنانی فەیسبووك وەردەگرێت نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە

| رەگەز / سوودەکانی فەیسبووك | مێ | | | | | | کۆی گشتی | ڕێژەی % | نێر | | | | | | کۆی گشتی | ڕێژەی% |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | زۆر | | تارادەیەك | | کەم | | | | زۆر | | تارادەیەك | | کەم | | | |
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | | | ژ | % | ژ | % | ژ | % | | |
| بەرزبوونەوەی ئاستی زانیاری | 17 | 26 | 21 | 33 | 26 | 41 | 64 | 100 | 19 | 32 | 20 | 34 | 20 | 34 | 59 | 100 |
| پڕکردنەوەی کاتی بۆشایی | 15 | 24 | 27 | 42 | 22 | 34 | 64 | 100 | 24 | 41 | 16 | 27 | 19 | 32 | 59 | 100 |
| شارەزای لە بەرکارهێنانی ئامرازەکە | 20 | 31 | 21 | 33 | 23 | 36 | 64 | 100 | 25 | 43 | 21 | 35 | 13 | 22 | 59 | 100 |

کەچی لە بارەی ڕەگەزی نێرەوە, بەرێژەی (34%)ی نموونەی توێژینەوەکە لە ڕەگەزی نێر بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی زانیاری ڕادەی تارادەیەك بە پلەی یەکەم دێت, هەروەها هەمان ڕێژە(34%)ی هەمان ڕەگەز بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی زانیاری ڕادەی کەم بە هەمان پلە دێت, بەرێژەی (32%)ی هەر هەمان ڕەگەزی بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی زانیاری ڕادەی زۆر پلەی سێیەمی بەدەستهێناوە. بەرێژەی (41%)ی بۆ پڕکردنەوەی کاتی بۆشایی لە ڕەگەزی نێر بە پلەی زۆرە, هەروەها بەرێژەی(32%)ی هەمان ڕەگەزی ڕادەی کەمی بەدەسهێناوە, (27)%ی دیسان ڕەگەزی نێر پلەی تارادەیەکە وەرگرتووە.

بۆ شارەزای لە بەرکارهێنانی ئامرازەکە لە ڕەگەزی نێر بەرێژەی (43%)ی ڕادەی زۆر پلەی یەکەمە, ڕێژەی (35%)□ تارادەیەکە پلەی دووەمە, ڕێژەی (22%)یش ڕادەی کەم پلەی سێیەمی وەرگرتووە.

لەخشتەی ژمارە(13)دا دەرکەوتووە, کە لە بارەی ئەو بابەتانە زیاتر بڵاو دەکەنەوە نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە, لە بارەی بڵاوکردنەوەی(هەواڵ و سیاسی) ڕێژەی (45%)ی نموونەی توێژینەوەکە لە ڕەگەزی مێ هەرگیز, (24%)ی هەمان ڕەگەز زۆرکەم, بەرێژەی (16%)ی هەر هەمان ڕەگەزی هەندێجار, (9%)ی بە بەردەوام, (6%)ی ڕەگەز مێ زۆر جار بڵاو دەکەنەوە. لە بارەی بڵاوکردنەوەی بابەتی(وەرزشی) ڕێژەی (55%)ی لە ڕەگەزی مێ هەرگیز, هەروەها بەرێژەی(26%)ی هەمان ڕەگەزی ڕێژەی زۆرکەم, (9%)ی ڕەگەزی مێ هەندێجار, (7%) ڕەگەزی مێ بە بەردەوام, (3%) ڕەگەزی مێ زۆرجار بڵاو دەکەنەوە. لە بارەی بابەتی (ئاینی)یەوە لە ڕەگەزی مێ بەرێژەی (28%)ی هەردوو بڕگەی بەردەوام و زۆرجار یەك نمرەیان هێناوە, ڕێژەی (19%)□ هەرگیز, ڕێژەی (17%)ی هەندێجار, ڕێژەی(8%) زۆرکەم بڵاو دەکەنەوە. لە بارەی بڵاوکردنەوەی بابەتی(ڕۆشنبیری) ڕێژەی (31%)ی لە ڕەگەزی مێ زۆرجار, هەروەها بەرێژەی(28%)ی هەمان ڕەگەزی ڕێژەی بە بەردەوام, (19%)ی ڕەگەزی مێ هەندێجار, (13%) ڕەگەزی مێ زۆرکەم, (9%) ڕەگەزی مێ هەرگیز بڵاو دەکەنەوە. هەروەها لە بارەی بابەتی(وێنەی سروشت و سەرسورهێنەرەکان), ڕێژەی (30%)ی لە ڕەگەزی مێ زۆرجار, هەروەها بەرێژەی(22%)ی هەمان ڕەگەزی ڕێژەی بە بەردەوام, (17%)ی ڕەگەزی مێ لە هەردووبڕگەی هەندێجار و هەرگیز یەك ڕێژەیان بەدەسهێناوە, (14%) ڕەگەزی مێ زۆرکەم, بڵاو دەکەنەوە. کەچی لە بارەی ڕەگەزی نێرەوە, لە مەڕ بابەتی(هەواڵ و سیاسی) بەرێژەی (34%)ی نموونەی توێژینەوەکە بە بابەتی وەرزشی جیاوازی مەعنەوەی هەیە لە نێوان هەردوو ڕەگەز بەوەی بەهای(کا2) کە دەکاتە (22,22) گەورەترە لە بەهای خشتەیی کە دەکاتەوە (16,91) بە نمرەی ئازادی(9), بەوە□ گریمانەی(سفر)ی ڕەتدەکرێتەوە کە پێوایە جیاوازی لە نێوان هەردوو ڕەگەزکە لە سەیرکردنی بواری بابەتی وەرزشیدا هەیە, بەڵام سەبارەت بە سەیرکردنی (هەواڵ و سیاسی, ئاینی, ڕۆشنبیری, وێنەی سروشت و سەرسورهێنەرەکان) دەرکەوت جیاوازی مەعنەوەی نییە لە نێوان هەردوو ڕەگەز بەوەی بەهای(کا2) کە دەکاتە (16,89) بچووکترە لە بەهای خشتەیی کە دەکاتەوە (16,91) بەوە□ گریمانەی( سفری) پەسەندە کە پێوایە جیاوازی نێوان هەر دوو ڕەگەزدا نییە سەبارەت بە تەماشاکردنیان.

خشتەی ژمارە(13) : بەکارهێنانی جۆری ناوەڕۆکی فەیسبووك ڕووندەکاتەوە

| ڕەگەز / بابەت | مێ: بەردەوام | | زۆرجار | | هەندێجار | | زۆرکەم | | هەرگیز | | کۆی | ڕێژەی % | نێر: بەردەوام | | زۆرجار | | هەندێجار | | زۆرکەم | | هەرگیز | | کۆی | ڕێژەی % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | | | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | | |
| هەواڵ و سیاسی | 6 | 9 | 4 | 6 | 10 | 16 | 15 | 24 | 29 | 45 | 64 | 100 | 20 | 34 | 8 | 14 | 10 | 17 | 7 | 12 | 14 | 24 | 59 | 100 |
| وەرزشی | 4 | 7 | 2 | 3 | 6 | 9 | 17 | 26 | 35 | 55 | 64 | 100 | 10 | 17 | 9 | 15 | 16 | 27 | 10 | 17 | 14 | 24 | 59 | 100 |
| ئاینی | 18 | 28 | 18 | 28 | 11 | 17 | 5 | 8 | 12 | 19 | 64 | 100 | 13 | 22 | 6 | 10 | 20 | 34 | 10 | 17 | 10 | 17 | 59 | 100 |
| ڕۆشنبیری | 18 | 28 | 20 | 31 | 12 | 19 | 8 | 13 | 6 | 9 | 64 | 100 | 13 | 22 | 23 | 39 | 12 | 20 | 7 | 12 | 4 | 7 | 59 | 100 |
| وێنەی سروشت و سەرسورهێنەرەکان | 14 | 22 | 19 | 30 | 11 | 17 | 9 | 14 | 11 | 17 | 64 | 100 | 12 | 20 | 9 | 15 | 17 | 29 | 8 | 14 | 13 | 22 | 59 | 100 |

لە خشتەی ژمارە(14)دا دەرکەوتووە, کە لە بارەی ئەو بابەتانە زیاتر کە کۆمێنت و لایکیان دەکەنەوە نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە, لە بارەی بڵاوکردنەوەی(هەواڵ و سیاسی) ڕێژەی (44%)ی نموونەی توێژینەوەکە لە ڕەگەزی مێ هەرگیز, (24%)ی هەمان ڕەگەز زۆرکەم, بەرێژەی (17%)ی هەر هەمان ڕەگەزی هەندێجار, (12%)ی زۆر جار, (6%)ی ڕەگەز مێ بە بەردەوام کۆمێنت و لایکیان دەکەن. لە بارەی بڵاوکردنەوەی بابەتی(وەرزشی) ڕێژەی (63%)ی لە ڕەگەزی مێ هەرگیز, هەروەها بەرێژەی(24%)ی هەمان ڕەگەزی ڕێژەی زۆرکەم, (9%)ی ڕەگەزی مێ هەندێجار, (3%) ڕەگەزی مێ بە بەردەوام, کۆمێنت و لایکیان دەکەن. بڕگەی زۆرجاریش نەیتوانیوە دەنگ بەدەست بهێنێت. لە بارەی بابەتی (ئاینی)یەوە لە ڕەگەزی مێ بەرێژەی(26%)یهەندێجار, ڕێژەی (24%)شزۆرجار, ڕێژەی (22%)ی هەرگیز, ڕێژەی(19%) بە بەردەوام, ڕێژەی(9%) زۆرکەم کۆمێنت و لایکیان دەکەن. لە بارەی بڵاوکردنەوەی بابەتی(ڕۆشنبیری) ڕێژەی (33%)ی لە ڕەگەزی مێ لە هەردوو بڕگەی زۆرجار و هەندێجار یەك ڕێژەیان وەرگرتووە, هەروەها بەرێژەی(17%)ی هەمان ڕەگەزی ڕێژەی بە بەردەوام, (11%)ی ڕەگەزی مێ هەرگیز, (6%) ڕەگەزی مێ زۆرکەم, کۆمێنت و لایکیان دەکەن. هەروەها لە بارەی بابەتی(وێنەی سروشت و سەرسورهێنەرەکان), ڕێژەی(26%)ی لە ڕەگەزی مێ زۆرجار, هەروەها بەرێژەی(22%)ی هەمان ڕەگەزی ڕێژەی زۆرکەم, (19%)ی ڕەگەزی مێ لە هەردوو بڕگەی بە بەردەوام و هەندێجار یەك ڕێژەیان بەدەسهێناوە, (14%) ڕەگەزی مێ هەرگیز, کۆمێنت و لایکیان دەکەن. کەچی لە بارەی ڕەگەزی نێرەوە, لە مەڕ بابەتی(هەواڵ و سیاسی) بەرێژەی (30%)ی نموونەی توێژینەوەکە هەندێجار,(24%)ی هەمان ڕەگەز هەرگیز, بەرێژەی (17%)ی هەر هەمان ڕەگەزی زۆرکەم, (15%)ی, زۆر جار, (14%) بە بەردەوام, کۆمێنت و لایکیان دەکەن. لە بارەی بڵاوکردنەوەی بابەتی(وەرزشی) ڕێژەی (40%)ی لە ڕەگەزی نێر بە بەردەوام, هەروەها بەرێژەی(24%)ی هەمان ڕەگەزی زۆرجار, هەرگیز, ڕێژەی, (15%) ڕەگەزی نێر هەندێجار, (13%)ی ڕەگەزی نێر زۆرکەم, ڕێژەی (8%)یش هەرگیز, کۆمێنت و لایکیان دەکەن. لە بارەی بابەتی (ئاینی)یەوە لە ڕەگەزی نێر بەرێژەی (32%)ی هەندێجار, ڕێژەی (22%) زۆرکەم, ڕێژەی (21%)یش هەرگیز, ڕێژەی(15%) زۆرجار, ڕێژەی(10%) بە بەردەوام, کۆمێنت و لایکیان دەکەن. لە بارەی بڵاوکردنەوەی بابەتی(ڕۆشنبیری) ڕێژەی (42%)ی لە ڕەگەزی نێر هەندێجار, هەروەها بەرێژەی(25%)ی هەمان ڕەگەزی ڕێژەی بە بەردەوام, (15%)ی ڕەگەزی مێ زۆرجار, (8%) ڕەگەزی نێر لە هەردوو بڕگەی زۆرکەم و هەرگیز, و یەك ڕێژەیان وەرگرتووە, کۆمێنت و لایکیان دەکەن. هەروەها لە بارەی بابەتی(وێنەی سروشت و سەرسوڕهێنەرەکان), ڕێژەی(28%)ی لە ڕەگەزی نێر زۆرجار, هەروەها بەرێژەی(24%)ی هەمان ڕەگەزی ڕێژەی زۆرکەم, (22%)ی ڕەگەزی نێر هەندێجار, (14%) ڕەگەزی نێر بە بەردەوام, (12%) ڕەگەزی نێر هەرگیز, کۆمێنت و لایکیان دەکەن.لە ئەنجامی ئەم بەراوردەکارییەدا, دەردەکەوێت, کە ڕەگەزی نێر لە مێ لەسەرجەم بابەتەکان, کۆمێنت و لایکیان زیاتر دەکەن, بە تایبەتی بابەتی وەرزشی و هەواڵ و سیاسەت, کە بەرێژەیەکی زۆر لە پێشەوەی ڕەگەزی مێیە, بە ڕای توێژەر ئەمە بۆ هەندێ داب و نەریتی کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە, کە نەتوانن بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەشداری لەم بوارانەدا بکەن.

خشتەی ژمارە(14): دەستنیشانکردنی ئەو بابەتانەی کە کۆمێنت و لایکیان دەکرێت لە لایەن نموونەی توێژینەوەکەوە، ڕووندەکاتەوە

| ڕەگەز / بابەت | مێ | | | | | | | | | | کۆی گشتی | ڕێژەی % | نێر | | | | | | | | | | کۆی گشتی | ڕێژەی % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بەردەوام | | زۆرجار | | هەندێجار | | زۆرکەم | | هەرگیز | | | | بەردەوام | | زۆرجار | | هەندێجار | | زۆرکەم | | هەرگیز | | | |
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | | | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | | |
| هەواڵ و سیاسەت | 1 | 2 | 8 | 12 | 11 | 17 | 16 | 25 | 28 | 44 | 64 | 100 | 8 | 14 | 9 | 15 | 18 | 30 | 10 | 17 | 14 | 24 | 59 | 100 |
| وەرزشی | 2 | 3 | - | - | 6 | 9 | 15 | 24 | 41 | 63 | 64 | 100 | 21 | 40 | 14 | 24 | 9 | 15 | 8 | 13 | 5 | 8 | 59 | 100 |
| ئاینی | 12 | 19 | 15 | 24 | 17 | 26 | 6 | 9 | 14 | 22 | 64 | 100 | 6 | 10 | 9 | 15 | 19 | 32 | 13 | 22 | 12 | 21 | 59 | 100 |
| ڕۆشنبیری | 11 | 17 | 21 | 33 | 21 | 33 | 4 | 6 | 7 | 11 | 64 | 100 | 15 | 25 | 9 | 15 | 25 | 42 | 5 | 8 | 5 | 8 | 59 | 100 |
| وێنەی سروشت و سەرسورهێنەرەکان | 12 | 19 | 17 | 26 | 12 | 19 | 14 | 22 | 9 | 14 | 64 | 100 | 8 | 14 | 17 | 28 | 13 | 22 | 14 | 24 | 7 | 12 | 59 | 100 |

**دووەم: دەرئەنجامەکان**

*یەکەم:* زۆرینەی بەکاربەران زیاتر لە ڕەگەزی نێرن بەبەراورد لەگەڵ ڕەگەزی مێ, بۆیە زیاتریش گۆڕانکاری هزری بەسەر ڕەگەزی(نێر)ەوەیە, بەڕای توێژەر ئەمە لەبەر ئەم هۆکارانەیە:

ا- خراپ دەرکەوتنی فەیسبووک, کە بووەتە هۆی گەلێ کێشەی کۆمەڵایەتی بە تایبەتی لە نێوان گەنجانی زانکۆ.

ب- ڕەگەزی نێر لەم کۆمەڵگەیە کەمتر لە ژێرچاودێریدایە.

ج- ڕەگەزی مێ زیاتر سۆزداریە, بەڵام ڕەگەزی نێر زیاتر فکرییە.

*دووەم:* گرنگیدان لە نێوان ئەم دوو ڕەگەزە بۆ بابەتەکان جیاوازن:

ا- ڕەگەزی نێر زیاتر بەدوای بابەتی سیاسییەوەن, بەڵام ڕەگەزی مێ زیاتر خەریکی بابەتی ئاینی و کۆمەڵایەتیین.

ب- بابەتی وەرزشی زیاتر لەلایەن ڕەگەزی نێر گرنگی پێ دەدرێت.

ج- لەلایەن ڕەگەزی نێرەوە زیاتر لە ڕەگەزی مێ ڕەخنە لە دەسەڵات دەگیرێ, ئەمە ئەوە دەردەخات ڕەگەزی نێر زیاتر فەیسبووک وەك ماڵپەڕێکی سیاسی بەکاردەهێنێت.

*سێیەم:* بۆ وەرگرتنی زانیاری ڕەگەزی نێر بە دوای سایت و لاپەڕەکاندا دەگەڕێ, بەڵام ڕەگەزی مێ دەیەوێت لە ڕێگەی هاوڕێیەکانی زانیاری دەستکەوێ.

*چوارەم:* رەگەزی مێ زیاتر دەخوێنێتەوە, بەڵام رەگەزی نێر زیاتر خەریکی کاتبەسەربردنە.

*پێنجەم:* بەکاربەران لە هەردوو رەگەز زیاتر بەدوای بابەتە کوردییەکانن, لە دوای ئەمە هەندێکیشیان بابەتە عەرەبییەکان وەردەگرن, ئەمە رەنگدانەوەی واقیعی سیاسی ئەم هەرێمەیە.

**دەرئەنجامەکانی گریمانەکان**

*یەکەم:* دەردەکەوێت جیاوازی ئاماری هەیە, لە نێوان هەردوو رەگەزی نێر و مێ بەپێی ئەزموونی(T), چونکە بەهایی(T) ی دەستکەوتوو کە دەکاتە(14,1) کە گەورەترە لە بەهای خشتەیی, کە دەکاتە(14,06)بەنمرەی ئازادی(7), بەوە گریمانەی(سفری) رەتدەکرێتەوە, کە دەڵێت جیاوازی لە نێوان رەگەزی نێر و مێ دا نییە لە کاتژمێرەکانی بەکارهێنانی فەیسبووکدا.

*دووەم:* دەردەکەوێت بە پێی ئەزموونی (T), جیاوازی ئاماری هەیە, لە نێوان هەردوو رەگەزی نێرومێ دا، بەوەی بەهایی(T) دەستکەوتوو کە دەکاتە(27,29) کە گەورەترە لە بەهای(T)خشتەیی, کە دەکاتە(14,06)بەنمرەی ئازادی(7).

*سێیەم:* دەردەکەوێت هیچ جیاوازییەکی مەعنەوی نییە لە نێوان هەر دوو رەگەزی نێر و مێ. سەبارەت بە دەستهێنانی زانیاری و کات بەسەربردن بەوەی بەهای دەستکەوتوو لە ئەزموونی(T) بۆ دەستکەوتی زانیاری دەکاتە (91،4) و بۆ کات بەسەربردن دەکاتە(37،1) کە هەردوو بەهای دەستکەوتوو بچووکترن لە بەهای خشتەیی کە دەکاتە(07،11) بە نمرەی ئازادی(5). بەوە گریمانەی(سفری)بەسەندە کە پێوایە جیاوازی لە نێوان بەکارهێنەرانی فەیسبووکدا نییە. سەبارەت بە دەستکەوتی زانیاری و کات بەسەربردن, بەڵام بەکارهێنانی فەیسبووك لەلایەن هەر دوو رەگەزەکە بەمەبەستی ئاگاداربوون لە رووداوەکان دەردەکەوێت کە جیاوازی مەعنەوی هەیە، ئەمە پشتبەستن بە ئەزموونی(T) کە دەرکەوت بەهای بەدەستهاتوو(14,4) کە گەورەترە لە بەهای خشتەیی کە دەکاتە(11,07) بە نمرەی ئازادی(5).

*چوارەم:* دەردەکەوێت هیچ جیاوازییەکی مەعنەوی نییە لە نێوان هەر دوو رەگەزەکەدا. بە پێی ئەزموونی(T), دەرکەوت بە های(T) دەستکەوتوو دەکاتە(2,67) کە بچووکترە لە بەهای(T) خشتەیی بۆ کە دەکاتە (06،14) بە نمرەی ئازادی(7).

*پێنجەم:* بابەتی وەرزشی جیاوازی مەعنەوەی هەیە لە نێوان هەردوو رەگەز بەوەی بەهای(کا2) کە دەکاتە (22,22) گەورەترە لە بەهای خشتەیی کە دەکاتەوە (16,91) بە نمرەی ئازادی(9), بەوە گریمانەی(سفر)ی رەتدەکرێتەوە کە پێوایە جیاوازی لە نێوان هەردوو رەگەزکە لە سەیرکردنی بواری بابەتی وەرزشیدا هەیە, بەڵام سەبارەت بە سەیرکردنی (هەواڵ و سیاسی, ئاینی, رۆشنبیری, وێنەی سروشت و سەرسورهێنەرەکان) دەرکەوت جیاوازی مەعنەوەی نییە لە نێوان هەردوو رەگەز بەوەی بەهای(کا2) کە دەکاتە (16,89) بچووکترە لە بەهای خشتەیی کە دەکاتەوە (16,91) بەوە گریمانەی(سفری) پەسەندە کە پێوایە جیاوازی نێوان هەر دوو رەگەزدا نییە سەبارەت بە تەماشاکردننیان.

**سێیەم: پێشنیار و ڕاسپاردەکان**

1- بە ئەنجام گەیاندنی چەندین توێژینەوە لەسەر ئەم بابەتە سەردەمییە, لە پێناو گەشەسەندن و بایەخ دانی بە فەسیبووك, تاوەکو زیاتر لایەنە پۆزەتیڤ و نیگەتیڤەکان لە سەرجەم بوارەکان ڕوون تر و باشتر دەربکەون.

2- پێشنیار دەکەم کە گەنجان کاتەکانیان بە شێوەیەکی ڕێکخراو دابە□ بکەن, لەسەر ئەو کارانەی ئارەزووویان لێیە, تاوەکو کاریگەری خراپی نەبێت لەسەر بوارێکی دیکە, چونکە ئەمڕۆ فەیسبووك کاریگەرییەکی خراپی لەسەر گەنجانمان دورست کردووە, کە وای کردووە لە هەندێ بوار دابڕێن بە تایبەتی پرۆسەی خوێندن .

3- هەوڵبدرێت هێڵی ئینتەرنێت باشتربکرێت بەتایبەتی لە ڕووی خێراییەوە, چونکە بەشداربووان وەرەس بوونە لە لاوازی هێلەکان.

4- ڕێکخستنێك لە نێوان کۆمپانییەکانی هێلەکانی گواستنەوەی ئینتەرنێت دابنرێت وەکلە ڕووی هەرزانکردنی نرخی هێڵەکان, بۆ ئەوەی گەنجان زیاتر سوودمەندبن لە تۆڕی فەیسبووك و بوارەکانی دیکە.

5- قوتابیان و گەنجان بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانیان, بە زانیارییە بە سوودکانی ئەم تورە بەرنەسەر, لە جیاتی خەریکبوونیان بە بابەتی تەرفیهی.

## سەرچاوەکان

### کتێب بە زمانی کوردی


1- د. حەسەن عیماد مەکاوی و د. سامی ئەلشەریف, ڕاگەیاندن و بیردۆزەکانی, و:ڕابەر ڕەشید, چاپخانە: کارۆ,2011.

2- سیاوە□ گۆدەرزی, پێشوەچوونە میدیاییەکان, چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس, هەولێر, 2012.

3- صادق حمە غریب, ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی, بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی پرسی میدیا, هەولێر, 2015.

4- علی محمود چوکل, ڕێبازی لێکۆڵینەوە, چاپخانە: زانکۆی سەلاحەددین, هەولێر, 1999.

5- عەبدواخالق ئیبراهیم, میدیای کوردی لە سەردەمی ئاسمانە کراوەکان, خانەی موکریانی بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە, هەولێر, 2014.

6- محمود سالار, زانکۆ و پەیمانگا, چاپخانەی: زانست, سلێمانی, 1994.

7- هەردەوان مەحموود, میدیای نوێ و کاریگەرییەکانی, لەبڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی پرسی میدیایی, هەولێر , 2015.


### کتێب بە زمانی عەرەبی


1- احسان محمد حسن و د.عبدالمحسن زيني, الاحصاء الاجتماعي, مطبعة الجامعة, الموصل, 1982.

2- بسام عبد الرحمان مشاقبة: نظريات الإع□م، دار أسامة للنشر والتوزيع، عمان، الأردن، 2011.

3- جمال سند السويدي, وسائل التواصل الاجتماعي و دورها في التحولات المستقبلية: من القبيلة الى الفيسبوك, 2013.

4- د. حسني محمد نصر, نظريات الاع□م, دار الكتاب الجامعي, دولة الامارات العربية المتحدة و الجمهورية اللبنانية, 2015.

5- د. رضا امين, الاع□م الجديد, دار الفجر النشر والتوزيع, القاهرة, 2015.

6- صالح خليل أبو أصبع, الاتصال والإع□م في المجتمعات المعاصرة، دار الآرام، الأردن،2004

7-. د. ع□ء هاشم مناف, فلسفة الاع□م والاتصال, مؤسسة دار الصادق الثقافية, عمان, 2014.

8- عامر ابراهيم القندلجي, الاع□م والمعلومات والانترنت, دار اليازوري, عمان, 2013.

9- عبدالامير الفيصل, دراسات في الاع□م الإلكتروني, دار الكتاب الجامعي, العين- الامارات العربية المتحدة, 2014.

10-علي عبد الفتاح كنعان, نظريات الإع□م ,دار اليازوري للنشر و التوزيع, عمان, 2014.

11- فضيل دليو: الإتصال مفاهيمه- نظرياته – وسائله، دار الفجر للنشر والتوزيع، القاهرة، 2003 .

12- فرد ميلسون, الشباب في مجتمع متغير, ترجمة: يحي مرسي عيد بدر, دارالوفاء, الاسكندرية, 2007.

13- محمد سيد فهمي, العولمة والشباب من منظور اجتماعي, دار الوفاء, الاسكندرية, 2007.

14- محمود حسن اسماعيل: مبادئ علم الإتصال ونظريات التأثير، الدار العالمية للنشر والتوزيع، الهرم، 2003.

15- نهال السيد عبالمعطي, صحافة الموا□ن ..نحو نمط اتصالي جديد, دار الكتاب الجامعي, دولة الامارات- الجمهورية اللبنانية, 2015.

**نامەی ماستەر زمانی عەرەبی**

1- هميسي نورالدين, أنما□ الإع□ن في الصحافة الجزائرية المكتوبة - دراسة وصفية تحليلية لصحيفة "الخبر", رسالة ماجستير غير منشور, قسم علوم الإع□م و الاتصال فرع: وسائل الإع□م و المجتمع, جامعة منتوري – قسنطينة - كلية العلوم الاجتماعية و العلوم الإنسانية , الجزائرية, 2006

**دراسات**

1- مي□د فايز منير, الاثار السلبية الناتجة عن استخدام الشباب القبطي للموقع الاجتماعي فيس بوك, معهد الدرسات القبطية الدرسات العليا, القاهر, 2010.

2- صالحة الدماري, الطـــ□ب والشبكـــات الإجتـماعيـــــة, دراسة ميدانية في استخدامات واشباعات □□ب كلية الفنون والإع□م للفيسبوك كشبكة إجتماعية.alola.maktoobblog.com/29/

**وێبسایت**

1-ماهيه مفهوم جامعه http://dreamy.hooxs.com/t118-topi

گۆڤارەكان و رۆژنامە:

1- ئەرین كامەران, دەستیكرد بە تێسی تەلەفۆن بە خۆرایی, ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ, ژمارە: 5983, سلێمانی,2013.

2-سروە خالید عوسمان و كوردستان محەمەد رەحیم, فاكتەرەكانی دروستبوونی ڕای گشتی لای خوێندكارانی زانكۆ (سلێمانی وەك نموونە), گۆڤار: خامە، ژ: 5, هەولێر2007. ل58.

3- مەهابات عومەر خۆشناو, ئینتەرنێت و ئیمێل, گۆڤار: ڕمان, ژمارە: 26, هەولێر, 2001.



View publication stats